ئەی نەوەی ئادەم، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوە وڕەجا وتکام لێبکەیت من لێت خۆش دەبم وسەیری زۆری تاوانەکانت ناکەم

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وآله وسلم- کە دەیفەرموو: خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: «ئەی نەوەی ئادەم، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوە وڕەجا وتکام لێبکەیت من لێت خۆش دەبم وسەیری زۆری تاوانەکانت ناکەم. ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر زۆری تاوانەکانت بگاتە لای هەورەکانی ئاسمان وپاشان داوای لێخۆشبوون لە من بکەیت؛ ئەوا من لێت خۆش دەبم. ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر تاوانەکانت بە هێندەی زەوی بێت وپاشان بگەیتە لام وهیچ هاوبەش وشەریکێکت بۆ من بڕیار نەدا بێت؛ ئەوا من بە هێندەی ئەوە لێخۆشبوونم بۆت ئامادە کردووە».

[حەسەن - باش)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە -تبارك وتعالى- لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوە وڕەجا وهیوات بە ڕەحمەتی من هەبێت، وبێ هیوا نەبیت؛ ئەوا گوناهەکانت دەپۆشم و بەبێ گرنگیدان پێیان، ئەگەرچیش ئەم گوناهە لە تاوانە گەورەکان بێت. ئەی نەوەی ئادەم: ئەگەر تاوانەکانت هێندە زۆر بن نێوان ئاسمان وزەوی پڕ بکەن لە هەموو لایەکەوە، پاشان داوای لێخۆشبوون لە من بکەیت؛ ئەوا من دەیانسڕمەوە ولە هەموویان خۆشدەبم بەبێ گرنگیدان بە زۆریان. ئەی نەوەی ئادەم: لەپاش مردنت و گەیشت پێم ئەگەر تاوانەکانت هێندە زۆر بن وپڕ بە زەوی بن؛ لەکاتێکدا تۆ لەسەر تەوحید -یەك خوار پەرستی- وەفاتت کردبێت وهیچ هاوبەشێکت بۆ من دانەنابێت، ئەوا من بەرامبەر ئەم گوناهە وتاوانانە؛ هێندەی زەوی لێخۆشبوونم بۆت ئامادە کردووە، چونکە لێخۆشبوونی من فراوانە، ولە هەموو گوناهە وتاوانەکان خۆشدەبم جگە لە شیرك نەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5456